www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:21 31-8-2006

# نەبوونی ژیانی ئەنتلەکتوێل لە کوردستان ... خەسرۆ پیربال

The Intelectuel live in Kurdistan



ئێستا کوردستان ئازادەو وردە وردە وڵاتێکی نوێی و کۆمەڵگایەکی نوی دروست دەکرێتەوە، لەوانەیە لەو پرۆسەیەش کورد هێندە کتوومت پێشکەوتوو نەبێت لەم قۆناغی ئێستادا وەکو وڵاتان رۆژئاوایی ئەوروپا، هۆکارەکانیش زیاتر پەیوەستن بە ئاین و کولتووری ڕۆژهەڵاتیمان بەڵام دەبێت هەرچۆنێك بێت هەموو تواناو لێهاتووی خەڵکانی خۆمان، لێرەش مەبەستی ئەو کەسانەن کە ساڵانێکە لە ئەورووپاو لەوڵاتانی جوان و خاوەنی کولتووری پێشکەوتووی مرۆڤایەتی ناسکەوە ژیانیان بەسەربردووەو ئێستاکە گەڕاونەتەوە وڵات بۆ خزمەتکردن و گوزەرانیان لە ناو کۆمەڵگای کوردستانیدا دەژین.

یەکێك لەو دیاردە ناخۆشانەی کوردستان، نەبوونی ژیانێکی ئەنتلەکتوێلە (The Intelectuel live in Kurdistan) بەو مانایەی کاتێك رۆژانی هەینی و شەممە – ڕۆژانی پشوو - کە لەکوردستان بەرۆژان پشوو دادەدنرێت، بەداخەوە هیچ شوێنێك نییە بۆ خۆشگوزەرانی و خوێنەوە و سەیرکردنی کتێب و بینینی فیلمێك یان خواردنەوەی قاوەیەك یان بیرەیەکی سارد بەدەم بینینی یان بیستنی فیلمێکی مۆسیقاو گۆرانیەکی خۆش!.

لەوی.. لەوبەهەشتەی کە ئەوڕوپیەکان بۆ خۆیان درووستیان کردووە، لەئەوڕوپا هەتاوەکو هاووڵاتیەکی سادەی بێکارو پەککەوتە، بۆی هەیە یەکشەممان، لەگەڵ دۆستەکانی بچنە ناو شارو قاوەوچای بخۆنەوە پاشانیش بچنە نێو کتێبفرۆشانی شارو پاشانیش بچن شانۆیەك ببینین و نانێك لە ماکدۆناڵس بخۆن و پاشانیش سەردان سەنتەری رۆشنبیری بێگانەکان بکەن و هەر لەنزیکیشەوە لە قاوەخانەی ئەنتەرنێت سەیری پۆستەکەت بکەیت.

ئەمڕۆکە خەڵکانی رۆشنبیری و خوێنەرانی کوردبەلێشاو دەگەڕێنەوە کوردستان، لەبەر ئەوەیە زیاتر لەهەر قۆناغێکی تر مێژوومان، پێویستیمان دروستکردنی ئەتمۆسفێرێکی خۆش و دڵگیرە، ئەگەر بمانەوێت ژیان خۆش بێت خەڵگی نەگەڕێنەوە ئەوروپا، دەبێت حکومەت و کەرتی تایبەت بەجیدی کار بۆ دروستکردن و سازدانی ژیانی ئەنتلەکتوێل بن لە کوردستان، ئەو ژیان فەرهەنگیەی کە زۆر پێویستە بۆ مانەوەمان، بۆ حەسانەوەمان و بۆ ئیبداع و بینی شتی جوان و لەززەت و بەردەوامبوونمان لەبەر ئەوەی ژیان تەنها کارکردن نییە، ناشبێت تەنها بیر لە دامەزراندن و دەستبەکاربوون خەڵکانی کورد بکرێتەوە، بەڵکوو لەهەمان کاتیش پێویستە دەوروبەری گونجاو دروست بکرێت هەست بەبوون و ماهیەتی فەرهەنگی خۆمان بکەین.

دابینکردنی شوێنی کار و دەستبەکاربوونی هاوڵاتیان کوردستانی لە شوێن و ناوەندەکانی کارکردن لەخۆیدا دووایین مەبەستمان نەبێت، بەڵکوو هاوتەرییش حکومەت و سەرجەم لایانە پەیوەستدارەکانی وڵات کار بۆ خۆشکردن و درووستکردنی دەوروبەر و ئەتمۆسفێرێکی خۆش و ئەنتەلەکتوێل بکەین بۆ هەمووومان، هەر هەموومان نەوەکوو تەنها بۆ گەنجان..

خەسرۆ پیربال
Pirbal@hotmail. com